

# مالوم و مەلا و کاردیناڵ

**فرانک ئادام**

**لە هۆڵەندییەوە: ئامانج شاکەلی**

گوێدرێژەکە بە دەنگی بەرز خشتەی کاتی سەر تابلۆی وەستگەی شەمەندەفەرەکەی دەخوێندەوە، کە مالوم و مەلا و کاردیناڵ بە خۆیان و پێشنیارەکەیانەوە سەرودڵیان گرت. مەلاکە گوتی «ئەگەر کەمێک لە کاتی خۆتمان پێ ڕەوا بفەرموویت،» «... ئێمە هەموو شتێکت دەربارەی خوا بۆ باس دەکەین.» کاردینالەکە گوتی. «هەروەها هەموو شتێک دەربارەی زاتی خۆت.» مالوم بە زەردەخەنەیەکەوە پێشنیارەکەیانی تەقەڵ دان.

گوێدرێژەکە چاوێکی تووڕەی لە سەعاتی وەستگەکە کرد. «ناکرێ بەدەم ڕێگەوە بۆلای سەکۆی چاوەڕوانیی شەمەندەفەرەکە ئەو زەحمەتە بفەرموون؟»

مەلاکە گوتی «زۆر چاکە»، ئەوجا بێئەوەی کەس داوای لێ بکات جانتاکانی گوێدرێژەکەی دەست دایێ و بە هێمایەکی بەوێڵ فەرمووی لە گوێدرێژەکە کرد. مەلاکە پاش تاوێک بە چپە گوتی «ئێمە بۆمان دەرکەوتووە و بە متمانەوە عەرزت دەکەین کە خوا نییە.»

مالوم و کاردنیاڵەکە بە نیشانەی هاودەنگیی سەریان لەقاند و بە چاوی ئاوەڵاوە چاوەڕێی کاردانەوەی گوێدرێژەکەیان کرد.

«مەبەستتان ئەوەیە تازە بۆتان دەرکەوتووە؟»

«نەخێر، هەزاران ساڵە»، کاردیناڵەکە چپاندی. «ئەوە تێگەیشتنی لەمێژینەی باو و باپیرانمانە کە لەگوێن موفەڕکێکی پێچەوانەی مەبەست بۆ ئێمەیان بەجێهێڵاوە.». «بناغەی ئەرکە ئایینییەکانی

ئێمە بۆ ئەوە نەبووە وا لە مرۆڤەکان بکەین باوەڕ بە خوا بێنن، بەڵکوو زیاتر بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئایینەوە ڕاستیی نەبوونی خوایان لێ بشارینەوە.» مالومەکە مەبەستەکەیانی باشتر ڕوون کردەوە.

گوێدرێژەکە لەپڕ لە ناوەڕاستی ئاپۆرەی خەڵکەکەدا بۆ تاوێک ڕاوەستا و چاوێکی تێنەگەیشتووانەی بە هەرسێکیاندا گێڕا. «ئێوە بەدرێژایی سەدان ساڵ بە ئەنقەست واتان لە مرۆڤەکان کردووە باوەڕ بە خوا بێنن، لە کاتێکدا خۆتان دڵنیا بوون لەوەی خوا نییە؟»

«ئێ ئەوە عەیبی چییە؟» کاردیناڵەکە پرسی. «مرۆڤەکان لەپێناوی خوادا نین، خوا بۆ مرۆڤە.».

«هەروا بۆ دڵخۆشیی مرۆڤ.» مالومەکە قسەکانی کاردیناڵەکەی درێژەدایێ «ئەگەر خوا نەبوایە، مرۆڤەکان هەرگیز نەیاندەتوانی پێ بکەنن.».

«ئەدی ناشێت مرۆڤەکان، وردەوردە لە حەقیقەتی مەسەلەکە بگەن؟» گوێدرێژەکە پرسی. کاردیناڵەکە سەری ڕاوەشاند «حەقیقەت بەربەستی بەختیاریی مرۆڤەکانە. بفەرموو تەماشایەکی دەوروبەری خۆت بکە، ئەوان ئەگەر باوەڕیان نەبێ، دەبن بە قوربانیی خۆکوشتن و خەمۆکی.».

«من بۆخۆم هیچ کێشەیەکم لەو بارەیەوە نییە.» گوێدرێژەکە گوتی و بە کەیفەوە وەک کەڵەئاسکێک دوای مامزێک کەوتبێت، بە لەنجە بەسەر پلەکانەکاندا بەرەو سەکۆکە سەرکەوت.

«هەر لەبەر ئەوە، ئێمە ویستمان لەگەڵ جەنابتدا لەو بارەوە بدوێین.» کاردیناڵەکە لە دواوە هەرای کردێ. مەلاکەش بە هەناسەبڕکێ خۆی گەیاندە سەکۆکە و گوتی «ئێمە زۆرمان پێخۆش دەبێ ئەگەر جەنابت سەبارەت بە پێوەندیت لەگەڵ خوادا شایەدییەکی ئاشکرا بدەیت. تا مرۆڤەکان دیسانەوە باوەڕ بە خوا بێنن. تەنیا شایەدییەکەی جەنابت تاکە ڕێگەی ڕزگاریی مرۆڤایەتییە.»

«بەڵام من پێوەندیم بە خواوە نییە» گوێدرێژەکە بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە گوتی.

چاودێرێکی شەمەندەفەر لەوسەری سەکۆ چۆڵەکەوە بە مۆنییەوە ڕوانییە سەعاتەکەی دەستی و ویستی بزانێت داخوا، ئەو دۆستانە کەی سواری شەمەندەفەرەکە دەبن؟.

«جەنابت لە خۆکوشتن و خەمۆکی بەدووری.» کاردیناڵەکە بە گوێی گوێدرێژەکەیدا چپاند «چونکە ئێوە بەڕاستی ئیماندارن، بۆیە لەو بارەیەوە وا بێباکن. جەنابت پێوەندی پەنامەکیت لەگەڵ خوادا هەیە. لە قووڵایی شەوگاردا، تەنانەت بە ڕۆژی ڕووناکیش ئەو پێوەندییەت لە شێوەی ورێنەدا هەیە، کە تێیدا تۆ سەبارەت بە مانای ژیان، خولگەی هەسارەیەک، یان ئاراستەی شەمەندەفەرێک، لەگەڵ خوادا دەفەلسەفێنیت.».

«پێم نالێن ئێوە چوزانن من پێوەندیم لەگەڵ خوادا هەیە؟!» گوێدرێژەکە هاواری کرد. «ئەنگۆ بۆ خۆتان باوەڕتان بە بوونی خوا نییە!»

«ئەمەی دواییان» مەلاکە گوتی و پاش کورتە بێدەنگییەک دیسانەوە تێهەڵچووەوە «ئێمە هەرگیز شتی وامان نەگوتووە.» مالومەکە و کاردیناڵەکە لە جاری یەکەم جیددیتر سەریان بە نیشانەی سەلماندنی قسەکانی مەلاکە لەقاند.

گوێدرێژەکە گوتی «داوای لێبووردن دەکەم، پێم وایە ئەم گفتوگۆیە لێکحاڵیی نەبوونێکی مەزنە.»

بە هێمایەکی کورت چاودێری شەمەندەفەرەکەی تێگەیاند دەتوانێت دەرگاکانی شەمەندەفەرەکە

دابخـات، ئەوجـا بەبـێ دووعاخـوازی سـواری شـەمەندەفەرەکە بـوو.

کاردیناڵەکە گوتـی «کەیفی خۆتـە، بەڵام دەبێ بـۆ خۆشـت یـەکلای بکەیتـەوە ئایا پێوەندیت لەگەڵ خوادا هەیە و دەتوانیت پاش شایەدییەکەت حسێب بۆ پشتیوانی بێمەرجی ئێمە بکەی، یان وەک هیچ ڕووی نەدابێ دریـژە بـە ژیانت دەدەی.».

«ئاخـر چـۆن دەتوانی هەرگیز ئـەوە، تەنانـەت بـۆ تێگەیشـتووترین مرۆڤـی دنیا ڕوون بکەیتـەوە، کـە تـۆ لەگـەڵ خـوادا قسـەت نەکـردووە؟ چـۆن دەتوانی بـە تەنیا و بەبێ پشـتیوانی هەمیشـەیی شـارەزایی کۆنینـە و نهێنیـی ئێمـە، هەرگیـز بیسـەلمێنی کـە خـوا نییـە؟ ئـەوە تەنانـەت بـۆ کەسـێکی وەک سـتیڤن هاوکینگیـش مەحـاڵ بـوو.» مەلاکـە بـە زمانێکـی هەڕەشـە ئامێـزەوە گوتـی.

«تـۆ دەبـێ هەڵبژێریـت، خـۆت تەسـلیمی کـێ دەکەیـت؟ چاوەڕێـی کەمتریـن خراپـە لـە کـێ دەکەیـت؟»، مالومەکە گوتـی و وەک ئـەوەی بیەوێ نهێنییەکـی مـەزن بدرکێنێـت، تۆزقاڵێـک خـۆی کـووڕ کـردەوە، بـەڵام دەرگاکانـی شـەمەندەفەرەکە جیرەیـان لێـوە هـات و پاشـماوەی ڕسـتەکەی مالومەکەیـان بـە خۆشـییەکی کینـە لێچـۆڕاوەوە، پێـوە دا. شـەمەندەفەرەکە بە سیرەیەکی لەسـەرخۆ کەوتـە جووڵـە. مالومەکە چەند هەنگاوێـک لەگـەڵ شـەمەندەفەرەکەدا ڕۆیشـت و جارێکـی دیش هاواری کـرد: «لایەنـی کـێ دەگریـت؟»، پێـش ئـەوەی لەبـەر چـاوان ون ببـێ و لـە کاتێکـدا هاوارەکـەی لەنێـو جیـرە و تەقەتەقـی شـەمەندەفەرەکە و دەسـتگای ئەلەکترۆنیکـدا دەخنـکا، گوێدرێژەکـە توانـی بەسـەر لێوەکانـی مالومەکـەوە پاشـماوەی پرسـیارێکی جەنجاڵاوی بخوێنێتـەوە «خـوا، یـان شـێتخانە؟»

دیـارە زۆر ئاسـایی بـوو کـە گەشـتوەرانی شـەمەندەفەرەکە جاروبـار بڕواننـە گوێدرێژەکـە، چونکە لەبەر نەبوونـی جێگەی دانیشتن، ناچار بوو بە پێوە بووەستێ، بەڵام پاش تاوێک هەستی بە بێزاری و ناخۆشـی کـرد. ژنێک کە نووکی لووتی دەخوراند و ئەوپـەڕی هەوڵـی خـۆی دەدا تـا چاوی وە گوێدرێژەکـە نەکەوێت، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا دیاربـوو بـە پەنجە دیـاردی بە گوێدرێژەکە دەکرد. پیاوێـک دەسـتی بـە بەرگی کتێبەکەیدا دەهێنا وەک ئـەوەی ناوونیشـانی کتێبەکـە نیشـانی گوێدرێژەکـە بـدات «وای خوایـە، مـن بـۆ ئەوەنـدە گەوجـم؟». پەیامێکـی دەنگیـی لێخـوڕی شـەمەندەفەرەکە گەشـتوەرانی لـە گیرفانبـڕ و ئەوانـەی بانگەشـەی خواپەرستیی ساختە دەکەن، هۆشیار دەکردەوە، تەنانـەت وێنـەی خەیاڵیی خـۆی کە لەگـەڵ تاریک داهاتنـی ئێـوارەدا لەسـەر شووشـەی پەنجـەرەی شـەمەندەفەرەکە ڕوونتـر دەردەکـەوت، وەک نیـگای سـارد و بێهەسـتی پەرسـتاری نەخۆشـخانەیەکی دەروونـی، دەیڕوانییـە خـۆی.

بەدرێـژای گەشـتەکە، چـرا و ڕووناکیـی و نیـگاکان خیراتـر بەسـەریدا تێپـەڕ دەبـوون، بۆچـوون لێکدانـەوە، بیرکرنـەوە و ترسـیش تـا دەهـات تیژتـر لـە مێشـکیدا بڵاچەیـان دەدا. ئـەو کاتـەی شـەمەندەفەرەکە خـۆی بـە تونێلێکدا کـرد و بەهۆی هەڵەیەکـی تەکنیکییـەوە بـۆ سـاتێک چـراکان کوژانـەوە و بـە تـەواوی تاریـک داهات، تەنیا ئـەو کاتـە، گوێدرێژەکـە توانـی بـە ڕوونـی بیـر بکاتـەوە و لـە خـۆی بپرسـێت «ئـەرێ بەڕاسـت جانتاکانـم لـە کوێـن؟»

**ئەم چیرۆکە لە کۆمەڵە چیرۆکی:**

**Waarom ik altijd nee zeg – بۆچی من هەمیشـە دەڵێـم نـا، لاپـەڕە ٣٢ – ٣٦، پەخشـخانەی کیوریـدۆ Querido – بەلجیـکا، سـاڵی ٢٠٠١، وەرگیـراوە.**